# بەشی چوارەم
# دانمارك لە دژی تورکیا

نووسینی
گیرت پیتەرسن

من لە سالّی ١٩٩٦ بەشداری لیژنەیەکم کرد، پەیوەندی بە کۆبوونەوەکانی ئەو دەزگایە هەبوو کە پێی دەڵێن پەرلەمانی کوردی لە مەنفا، کە لە کۆپنهاگن دەبەسترا.

هەر دوای بەدوای ئەوە ژمارەیەکی زۆر نامەم لە تورکیاوە پێ گەیشت. بەلای کەم پەنجا نامەیەك دەبوون و ژمارەی ئەو کەسانەی نامەکانیان ناردبوو و ئیمزایان کردبوو لە چەند سەد کەسێك تێپەڕیان دەکرد. ئەم نامانە نامەی هەواداران و موعجیبەکان نەبوون بۆ منیان ناردبێ، چونکە لە لایەن خەڵکێکی بە من نەناسەوە ناردرابوون. نەخێر ئەم نامانە زۆر تووڕە و توند بوون و جێگای سەرسامیش بوو کە گشت نامەکان لەیەك دەچوون: (چۆن دەبێ سیاسەتمەدارێکی ناسراوی دانمارکی _ بزانە چۆن من دەناسن _، پشتگیری دەستەیەك تیرۆریستی پیاوکوژ بکات، کە ئامانجی لەناو بردنی دیموکراتیە؟ ). نامە نووسەکان بەو پەڕی توندیەوە نارەزایی خۆیان بەرامبەر ئەم کارەی من دەربڕیبوو، مەبەستیان بوو وام تێبگەیەنن کەوا گەلی تورکیا بەو پەڕی رق و کینە و بە چاوی سووکەوە سەیری ئەم کارەی من دەکا.

ئەمە ناوەڕۆکی سەرەکی نامە فۆتۆکۆپی کراوەکان بوو. لەگەڵ ئەوەی ناوونیشانی نامە نێرەرەکان جیاواز بوون، کەچی نامەکان خۆیان زۆر جیاوازیان نەبوو، لەیەك سەرچاوەوە هاتبوون: دیار بوو ئەمە کردارێکی رێکخراو بوو، بە شێوەیەکی سەنترال بەرێوە دەبرا. کێ ئەم کارەی بەرێوە دەبرد، بێگومان من نازانم، بەلاّم هەرگیز لەتوانادا نیە ئەم کارە ئەنجام بدرێ بێ ئەوەی باڵوێزخانەی تورکیا لێرە دەستێکی تێدا نەبێت.

ئەو قەدەغەیەی خرایە سەر من، کە نابێ جارێکی تر پێ بنێمە خاکی تورکیا، زۆر بە جوانی دوا بە دوای ئەم نامە توند و تیژانەوە هات. ئەمە نیشانەی بیرو بۆچوونی چینی دەسەلاّتدارە لە تورکیا (چونکە بێگومان من تەنانەت بۆ یەك چاوتروکانیش ئەم نامە یەك دەنگ و یەك رەنگە بە کۆمەڵ دروستکراوانە، بە دەربڕینی بیرو بۆچوونی خەڵکی تورکیا نازانم). چونکە دیارە کە هەر پاڵپشتی کردنێکی ناسنامە و نرخ و بەهای زاتی کوردەکانی تورکیا بە تاوان دەژمێردرێ.

# ديموكراتى قەدەغەيە

لە كۆڕەكەى پەرلەمانى مەنفا كە پێشتر باسم كرد، من وەكو هەموو بەشداره دانماركيەكانى تر قسەم كرد، زۆر بە توندى كارى تيرۆر و هەموو بەكارهێنانێكى ڕێگاى تيرۆرم مەحكوم كرد. ئێمە بە گەرميەوە ئاگادارى *PKK* مان كردەوە لەبەرامبەر بەكارهێنانى ئەم جۆره ڕێگايە. تا ئەم شوێنە ئەم نامەنووسە ناحەزە توركيە نەناسراوانەم بەرپەرچى من دەدەنەوە كە *PKK* بەردەوام ڕێگاى تيرۆرى بەكارهێناوە و بەكاريشى دێنێ، دەڵێن ئەدى *PKK* شەڕى چەكدار ناكات؟ بەڵێ، ئەمە نكوڵى لێناكرێ، بەلأم يەكەم شت *PKK* لەم مانگانەى ئەم كۆڕەيان تێدا دەبەسترێ، لەيەك لاوە تەقەى ڕاگرتووە و داواى گفتوگۆى كردووە، _ كەچى ئەو لايەنەى كە بەردەوام شەڕى كردووە، سوپاى تورك بووە، حكومەتى توركيا بووە كە گفتوگۆى ڕەت كردۆتەوە.

دووەم شتيش _ كە گرنگترە _ ئەوەيە، سياسەتى ڕەسمى " كەماليستى " توركيايە بۆتە هۆى ئەوەى كوردەكان دەستيان داوەتە شۆڕشى چەكدار. پێش ئەوەى شۆڕشيش هەبێ، ئەم سياسەتى داپلۆسينە پەيڕەو كراوە.

شۆڕش وەلأمدانەوەى داپڵۆسينە، نەك بە پێچەوانەوە. كرۆكى داپڵۆسينەكەش نكوڵيكردنێكە لەوەى كە كوردەكان ناسنامە و بەهاى زاتى خۆيان وەك نەتەوەيەك هەيە. ئەوانيش بەم نكوڵيكردنە ڕازى نين، _ بێگومان ڕازى نين.

دەتوانين هەڵوێستى ڕەسمى، ئەوەندە سەير و بێ وێنەيە، لەبەر ڕۆشنايى هەندێ نووسين و داواى دادگايى ئەم دواييە ڕوون بكەينەوە.

ئەم داوا دادگاییەی خوارەوە لە بارەی قەدەغەکردنی پارتێکی تازەوەیە، ئەویش (پارتی دیموکراتی و نوێکردنەوە، *DDP* ) یە.

داواکاریە دادگاییەکە مێژووی ٥ ی تەموز/ جولای ساڵی ١٩٩٥ ی لەسەرە و لە لایەن دادیاری گشتی وولاّتەوە ئیمزا کراوە. داواکە خۆی لەسەر پێداچوونەوەیەکی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکە نووسراوە. پرۆگرامەکە ئاماژە بۆ چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتیانەی کێشەکان و رەتکردنەوەیەکی لوژیکی شۆڕشی چەکدار دەکات ( کە ئەمە شەڕی *PKK* ش دەگرێتەوە).

پەیڕەو و پرۆگرامەکە جوداییخواز نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاوات و ئارەزووی بوونی هاوبەشی کوردی _ تورکی کردۆتە خاڵی دەستپێکردن. بەلاّم ئەمانە هیچیان بە کەڵك نایەن و پولێکیش ناکەن.

لە بەشێکی داوا دادگاییەکەدا هاتووە:

"ئەو هەڵوێستەی لە هەندێ بەشەکانی پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا هاتووە، کە بوەتە هۆی هەنگاوی دادگایی ئەوتۆ کە پارتەکە قەدەغە بکات، ئەوەیە کە دەڵێ کورد لە تورکیادا هەیە، ئەو کوردانە کۆمەڵێکی نەژادی ئەوتۆن کە لە تورکەکان جیاوازن، بەوەی کە زمان و کەلتوری خۆیان هەیە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا دان بە ماف و ئازادیەکانیان نەنراوە، خراونەتە ژێر داپڵۆسین و تواندنەوە، کێشەکەشیان بەوە چارەسەر دەکرێ کە شوێنێکیان پێ بدرێ لەسەر بناغەی یەکسانی لە پێکهاتە سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی و کەلتوریەکاندا.

(ئەم هەڵوێستە) وەك ئەوە وایە کە بڵێی ئەو هاوولاّتیانەی بە رەچەڵەك کوردن و لەناو چوارچێوەی سنوورەکانی ئێمەدا دەژین، نەتەوەیەکی تایبەت پێك دێنن بە پێچەوانەی یەکێتی نەتەوەی تورك" ( لاپەڕە ٢٩).

ئەمەی لێرە بە تاوان ژمێردراوە شۆڕشی چەکدار نیە، هێرش و شالاّوی تیرۆریستیش نیە، بەڵکو تەنها راگەیاندنی ئەوەیە کە نەتەوەیەکی کورد بوونی هەیە.

تاوەکو تەنانەت کەمترین گومان نەمینێت، با بەشێکی دیش لە داوا دادگایەکە وەرگرین:

" وا راگەیاندراوە (لە پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا) کە سەرکوتکردنەوەی توندی لەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوەی کوردەکان لە زۆر دەرفەتدا شۆڕش بکەن و یاخی بن. رێز لە ماف و ئازادیەکانی کوردەکان ناگیرێ، ئەم کێشەیە دەتوانرێ لەسەر بناغەی یەکسانی بە رێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێ، بەگوێرەی رێ و رەسمی پەیماننامە نێونەتەوەیەکان.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە ( ئەم جۆرە دارشتنانە ) زیان بە یکگرتویی دەولەت و نەتەوەی تورك دەگەیەنن. ئەو دەربرینەی لە میانەی ئەم گۆشەنیگایانەوە ئاماژەی بۆ دەکری، ئەوەیە لە دەرەوەی سەرجەمی نەتەوەی تورك، دوو نەتەوەی جیاواز بوونیان هەیە، نەتەوەیەکی تورك و نەتەوەیەکی کورد، ئەمەش هەر لە لاپەرەی یەکەمی پەیرەو و پرۆگرامی ئەم پارتە داوالیکراوەدا هاتۆتە دەربرین، لە نیو ئەم دارشتنەی سەبارەت بەوەی، پارتەکە لەگەل ئەوەدایە کە هەردوو نەتەوە پیکەوە بە برایەتی بژین". (لاپەرە ٣٠).

ئیستا تەواو، هیچ گومانیك نەما. لە تورکیادا، کە ئەندامی ***NATO*** و ئەنجوومەنی ئەوروپایە و وولاتیکی هاوبەشە لەگەل وولاتانی ***EU*** لە یەکییتی گومرگ، تاوانە ئەگەر لەگەل ئەوەدا بیت کە دوو نەتەوە بە برایەتی پیکەوە بژین و بە ریگای ئاشتیانە کار بۆ ئەم مەبەستە بکەیت.

لە هەندی شویندا وەکو ئەوەی خوارەوە، نووسینەکەی دادگا نیمچە تراژیکۆمیدیایەکە.

دادگا بەم چەشنەی خوارەوە ئەو بانگەوازە رەتدەکاتەوە[١] کە دەلیت داپلۆسین هەیە:

---

[١]نووسەر ووشەی (رەتکردنەوەی) خستۆتە ناو کەوانە.

(هیچ شتێك نیە رێ لە هاوولاّتیان بگرێت کە سەرەڕای زمانی تورکی زمانێکی تر لە دەوروبەری تایبەتی خۆیاندا[2] بەکار بێنن. (لاپەڕە ٣٣). ئیتر ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە چیە دەیکەن؟ کەس تێکەڵی ئەوە نابێ، ئێوە بە چ زمانێك لە ناو ماڵی خۆتان قسە دەکەن.)

بەلاّم ( لە دواتردا هاتووە ) دەستوور لە بەندێکیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە _ کە هەرگیز نابێ بگۆڕدرێ _ کە تەنها زمانی تورکی زمانی رەسمیە، ئەگەر پارتە سیاسیەکان پێشنیاری یاخود داوای شتێکی لەمە بەولاوە بکەن، ئەوا کارێکی دژ بە یاسایە.

لە کۆتاییدا دوو خاڵی تریش لە پوختەی دوایی نووسینەکەی دادوەری گشتی دێنمەوە:

ب- لەو کاتەی وا راگەیاندراوە کەوا کەمە نەتەوایەتیەکی کوردی خاوەن ناسنامەی خۆی، لەسەر خاکی کۆماری تورکیادا دەژی، بانگەوازێك خراوەتە روو، گوایە ئەم نەتەوە کوردە بوونیان هەیە، زمان و کەلتوری خۆیان هەیە، داوای ئەوە دەکرێ ناسنامە و مافە نەتەوایەتیەکانی کوردەکان بە پێی دەستوور بپارێزرێ، ، ئەمەش سەرپێچی کردنی بەندی ژمارە ٨١ (ئەلف) ە لە یاسای لەمەڕ پارتە سیاسیەکان.

ج- بۆ لابردنی ئەو داپلۆسینەی بانگەوازی بۆ دەکەن لە دژی زمان و کەلتوری کوردی ، دەبێ رێگا بدرێت زمانی کوردی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ و لەسەر ئاستی رەسمیدا لەوانەش لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا، بە ئازادی بەکاربێت.

ئەمە هەوڵدانێکە _ بە سەرپێچی کردن لە بەندی ٨١ (بێ) لە یاسای لەمەڕ پارتە سیاسیەکان _ بۆ تێکدانی یەکێتی نیشتمانی لەرێگای دروستکردنی کەمە نەتەوایەتیەك بە هاندان و پاراستنی زمان و کەلتورێکی تر لە زمان و کەلتوری تورکی بەولاوە" (لاپەڕە ٣٤ -٣٥ ).

---

[2] نووسەر ئەم نیمچە رستەیەی بە دەستخەتێکی جیاواز نووسیوە.

دادگایی کردنەکە  بەوە کۆتایی هات، کە دادگا بە قسەی دادوەری گشتی کرد و پارتەکەی قەدەغە کرد.

سەرۆکی پارتەکە (ئیبراهیم ئاکسۆی) ( کە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە تورکیا من چاوم پێی کەوت، بینیم پیاوێکی بە ئاشکرایی و بە پرنسیپ لە دژی شەڕی چەکدار و جودایخوازیە) سزای بەندکردنی هەتا هەتایەی بەسەردا درا.

# روویکی ئارایشتکراو

من زۆر لە دەقی ئەم داوا دادگاییە وورد بوومەوە و سەرنجی زۆرم لیدا، چونکە ئەمە رۆشنایی دەخاتە سەر بیروبۆچوونی دەسەلاتدارە کەمالیستەکانی تورکیا.

لەو بەشەی ئەم کتیبە کە (کلاوس سلاڤنسکی) نووسیویەتی، باسی گشت ئەو رووداوە پر سام و ترسناکانە دەکریت، وەك کوشتنی پەنا و پەسیوان و شەر و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و رۆژنامە داخستن و راگویزان... هتد، کە گشتیان ئەنجامی ئەم بیروبۆچوونەن. بەلام زۆر گرنگە مرۆڤ بە روونی بزانی باکراوندی ئەمە چیە، ئەم باکراوندە تا چ رادەیەك نابەجییە.

بوونی ئەم تورکیایەی ئەمرۆ دەگەریتەوە بۆ ئەو شۆرشەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم هەلگیرسا و (کەمال ئەتاتورك) رابەرایەتی دەکرد، بە دامەزراندنی ئەم کۆمارەی ئیستا کۆتایی هات.

بەر لەسەرکەوتنەکەی (ئەتاتورك) تورکیا لە راستیدا وەکو دەولەتیکی سەربەخۆ نەمابوو، بەلام لەگەل شۆرشەکە وولاتەکە ئەو سنوورەی ئیستا و بنەمای ئایدیۆلۆژی خۆی ( کەمالیزم ) وەرگرت.

(کەمال) پیش ئەوەی سەرکەوتن وەدەست بینی، دانی بە کوردەکان نا وەکو نەتەوەیەکی تایبەت، کە پینجیەکی دانیشتوانی وولاتەکە پیك دینن. بەلام لەدوای سەرکەوتنی، یەکسەر هەلگەرایەوە و (یەکییتی نەتەوەی تورك) ی کردە بناغەی دەولەت.

لە ئەنجامی ناچار کردنی تورکیا لە لایەن هاوپەیمانـەکان لـە پەیماننامـەی ئاشـتی لە *Lausanne* لە ساڵی ١٩٢٣ تەنها سێ کۆمەڵی نەژادی دانیان پێنرا وەکو کەمایـەتی کـە مافیان هەبێ. ئەم سێ کۆمەڵەش ئەو یۆنانیانە بوون کە مابوونەوە، ئەرمەنیەکان (کـە بەشی هەرە زۆریان یان ئەوەتا کوژران یاخود دوورخرانەوە)، جووەکان بـوون. ئەمـەش هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە ئەمانە ژمارەیان زۆر نەبوو.

بـیروبۆچوونی کەمالیسـتی مـافی یەکسـانی تـەواوی دایـە گشت هاووڵاتیـان بـەبێ گوێدانە باکراوندی نەژادیان.

ئەو سێ کەمایەتیە بچووکەی لێدەرچێ، ئەوانی تر هەموو بە تورك دانـران. ئیـتر گرنگ نەبوو ئەمانە تورکی خاوەن بیری نەژادی تەسك بن یان چەرکەس بن یـان کـورد بن یاخود هیتر بن، چونکە دەرگای فەرمان و وەزیفەکانی دەوڵـەت بـۆ هـەموویان واڵا و لەسەر پشت بوو. هەموویان هەمان مافیان هەبوو.

بـەڵام جگـە لـە سـێ کەمایەتیەکەی *Lausanne*، کەسـی تـر بـۆی نـەبوو خـۆی بـە کۆمەڵە کەمایەتیەکی نەژادی تایبەت بزانێ و رەفتـار بکات، یـاخود لـە تورکـی بـەولاوە ئاخـاوتن بـە زمـانێکی تـر بکـات، هـەر سـەرپێچیکردنێکی ئـەم دەسـتووورە بنەڕەتیـە توندترین سزای بەردەکەوێ.

لـە لایـەنی رەسمیـەوە (تاڕادەیـەکیش لـە راسـتیدا) پرنسـیپی یەکسـانی لەبـەردەم یاسادا کاری پێدەکرا. زۆر لە پیاوانی دەوڵەت کە پلەو پایەی بەرزیان هەبووە لە تورکیا بە رەچەڵەك کورد بوون. بەڵام ئەو یاسایەی باسمان کرد مەرجی دانـاوە، مەرجەکەشـی خۆتواندنەوە بووە.

هەر کەسێکیش لە دژی ئەم تواندنەوەیە بوەسـتێ سـزا دەدرێ. ئـەم مەسـەلەیە تـا ئـەمڕۆش بەردەوامـە. بـە هـۆی ئـەم دژواریـەی لـە نێـو هەڵوێسـتەکەدا هەیـە، تورکیـا توانیویـەتی شـێوە دیموکراتیـەکان شانبەشـانی داپڵۆسـین و پێشـێلکردنی مافـە دیموکراتیەکان بپارێزێ.

" هەڵبژاردنی ئازاد" دەکرێ "ڕۆژنامەگەری ئازادە" و "دادگاکان سەربەخۆن" و بەپێی ئەو یاسایانەی هەن حوکم دەردەکەن، جۆرە سەربەستیەك بۆ دەربڕین و بۆ ڕێکخراوەکان هەیە. ئەمانە وەکو دەم خۆشکردنێك وان، لە ڕاستیشدا دەمی زۆر کەسی لە وولاٚتانی ڕۆژاوا پێ خۆشکراوە.

ئەو دانمارکیانەی بۆ گەشتوگوزار دەچنە تورکیا، ئەوانەی کە دڵیان بە سروشت دەکرێتەوە و خۆشحاڵن بە بینینی ئەم خەڵکە بە لوتف و ڕووخۆشە و بە سەیری شوێنەوارە مێژووییە سەرنجڕاکێشەکان دڵشاد دەبن، ئەمانە ڕاستەوخۆ هەست بە شتێك ناکەن لە ستەم و زۆرداری بچێ. ئەمانە هەتا ئەگەر زمانیش نەزانن ئەوا چاویان بە چەندین ڕۆژنامەی ڕەنگاوڕەنگی سیاسی جیاجیا دەکەوێ و گوێبیستی چەندین گفتوگۆی سیاسی گەرموگوڕ دەبن.

مەسەلەکەی ئێرە وەکو ئەوەی کاتی خۆی یۆنان و ئیسپانیا نیە، کە تەنها بەرەو یەك لا ئاراستە کرابێت. ئیتر ئاسان نیە خەڵك بێنیتە قەناعەت لەمەڕ ئەوەی تا چ ڕادەیەك بە کەڵك و بەجێیە ئەگەر هامووشۆی گەشتوگوزار لەگەڵ تورکیا ببڕن. من خۆشم داوای ئەم شتە ناکەم. بەلاٚم ئەگەر ئەو کەسەی لە گەشتوگوزار دەگەڕێ، تۆزێك بچێتە پێشتر، ئەوساکە دەبینێ کە وا باشترە بە شێنەیی تر هەنگاو بنێ، لەوانەشە زێتر هۆشیاری وەدەست بێنێ.

ئەگەر مرۆڤ هەر یەك تۆز سەر ڕووی وێنەکە بکرێنێ، دەبینی چۆن هەمووی شەق شەق دەبێت.

حوکمڕانی فرە پارتی لە تورکیا کە جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٥٠ سەری هەڵدا، دوو جاران کۆدێتای سەربازی بەسەردا کراوە و دیکتاتۆری سەربازی جێگای گرتۆتەوە، هەرجارەی _ دواترینیان لە ساڵی ١٩٨٤ _ سوپا دەستوورێکی تازەی هێناوەتە کایەوە، پێناسە بۆ دیموکراتی دادەنێ و سنووری تەسك بۆ هەلس و کەوتی دیموکراتی دەنەخشێنێ.

سالی ١٩٩٥ تۆزە گۆرانکاریەك لـە دەسـتووردا كـرا، بـەلام هـەر تەنـها بـۆ جوانكـاری بوو. بە هیچ شیوەیەك دەستیان لەو رستەو دەستەواژانە نـەدا كـە كـەمترین داخـوازی مافـە كەلتوریـەكانی كوردەكـان بـە نەخشـەو پیلانـی جودایخـوازی دەژمـیری لـە دژی (یەكییتی دەولەت و نیشتمان). لە هەمان كاتدا، لەو دیوی رووە دیموكراتیەكـەوە، سـوپا پایـەی گرنگـی دەسـەلاتی خـۆی هـەرماوە. پەرلـەمان و حكومـەت هەیـە، بـەلام لـە هەموویان گرنگتر ( ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ) ە، كە نوینـەرانی سـوپا شـوینیان تیایدا هەیە. دەسەلاتی راستەقینە لیرە كۆبۆتـەوە، لـەو بەشـەی ئـەم كتیبـە كـە (لاسـە بۆدتز) نووسیویەتی زیتر بە قولی باس دەكری.

لەگەل ئەمەشدا جیگـای سەرسـامیە كـەوا توركیـا بـۆ ماوەیـەكی زۆر دوور و دریـژ پیشیلكردنەكانی بۆ چۆتە سەر.

لـە سـالی ١٩٨٢ پینـج وولات لـە ئـەندامانی ئەنجومـەنی ئـەوروپا، یـەكیك لـەوان دانمـارك بـوو، دەستپیشكەریەكیان كـرد تـاوەكو شكات لـە توركیـا بكـەن، لـە بەرامبـەر پیشیلكردنی مافە دیموكراتیە بنەرەتیەكان. ئەمەش لە ئەنجامی كۆدیتـا سـەربازیەكەی سالی ١٩٨٠ بوو.

ئەو كاتە مەسەلەكە زۆر پەیوەندی بە كوردەكانەوە نەبوو، بـەلكو زیـتر بـە گشـتی لەمـەر پـەیرەو كردنـی پەیماننامـەی مافـەكانی مـرۆڤ بـوو ( لەوانـەش بـەكارهینانی ئەشكەنجەدان، پیشیلكردنی سەربەسـتی دەربریـن، دامـەزراندنی كۆمەلـەكان، پاراسـتنی سەلامەتی تاكەكەسی، نەبوونی راوو تەكبیری دادپەروەرانە لە دادگاكان).

بەلام لە سالی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ ژەنەرالەكان بە شیوەیەكی رەسمی دەستیان لە دەسەلات كیشایەوە.

ئەم كارە بە شیوەیەكی گشتی لەسەر كاغەز تۆزیك باشتر دەهاتە بەرچاو. لە سالی ١٩٨٥ حكومـەتی هـەلبژیردراوی تـازەی توركیـا گەیشـتە ریكـەوتنیك لەگـەل پینـج وولاتەكە، تاوەكو شكاتەكەیان هەتا ١ی شوبات/ فیبریوەری ١٩٨٧ رابگرن.

لە سالی ١٩٨٧ هەر پینج وولاتەکە بە تەواوی وازیان لە شکاتەکەیان هینا، لە ئەنجامی ئەو شتەی ناویان نا پیشکەوتنی دیموکراتی مەزن کە دەسەلاتدارانی تورك کەوتنە باسکردنی و بەلینیان بۆ دەدا.

بەلام خۆی لە راستیدا لە دەسەلاتدارەکان خۆیان بترازی، لەگەل کەسی تر باسی ئەم بابەتە نەکرا بوو.

# توندوتیژی، توندوتیژی لی دەکەویتەوە

بەلام لەگەل ئەوەشدا بارو زروفی ئەمرۆ زۆر لەوەی سالی ۱۹۸۷ خراپترە، راستیەکانیش ناشاردرینەوە. تەنانەت وەزارەتی دەرەوەی دانمارکیش _ کە لە سالانی هەشتاکان هەلویستیکی نیمچە دۆستانەی کەلکەلەداری[٣] هەبوو _ دان بەوەدا دەنی، کەوا وەزعەکە ئەوەندە باش نیە. پەرلەمانی ئەوروپاش لە ریزی پیشەوەی ئەو لایەنانە بوو، کە بە توندی رەخنەیان ئاراستەی بارو زروفەکە کرد. بە هەمان شیوە لە کۆبونەوە پەرلەمانیەکانی *OSCE* و ئەنجومەنی ئەوروپا رەخنەگرتن رووی لە زیادی دایە. ئەگەر بمانەوی بزانین بۆچی بارودۆخی دیموکراتی لە تورکیا بەم شیوە ترسناکە بەرەو خراپی وەرچەرخاوە، بۆچی رەخنەی دەرەوە وا زیادی کردووە، ئەوا دەبی لە نیو کیشەی کوردیدا بە دوای هۆیەکاندا بگەریین.

بیگومان ئەم کیشەیە لە سالانیحەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانیش هەبووە _ یەکەمین راپەرینی کوردەکان بۆ سالی ۱۹۲٦ دەگەریتەوە _ بەلام لەو کاتیدا، لە کوردەکان خۆیان بەولاوە، زۆر کەسی تر ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نەبوون، ( بیگومان دەسەلاتدارانی "یاسا و ریسای" تورکیش ئاگادار بوون ).

جیهانی دەرەوە _ وەکو لە دەسپیشخەری پینج وولاتەکە بە دیار دەکەوی _ تا رادەیەك بە دیموکراتیەوە یاخود بە نەبوونی دیموکراتیەوە لە تورکیا خەریك بووە، بەلام زۆر بە دەگمەن دان بەوەدا دەنرا کە تورکیا کیشەیەکی نەتەوایەتی تیدا بیت.

---

[٣] فەزیحەت

من لە نیو کۆنە کاغەزەکاندا یەك ووتارم دۆزیەوە کە لە سالی ١٩٧١ نووسراوە. وتارەکە باسی ئەو کوردانە دەکات کە لەوانەیە ژمارەیان هەشت ملیۆن دەبی[٤] ( لە سەرجەمی ژمارەی دانیشتوان کە ٣٦ ملیۆنن ) _ بەلام ژمارەی کوردەکان بە وردی نازانری چەندە، چونکە ئەم مەسەلەیە زۆر چرپە چرپی تیدا کراوە. بەلام بەشی هەرە زۆریان لە نیو هاوولاتیانی تورکدا تویندرابوونەوە، ئیتر هەر دوو ملیۆنیك مابوون کە هەستیان بە خۆ دەکرد کوردن، ئەمانەش لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا دەژیان.

بە شیوەیەکی ئاسایی بەمانەیان دەگوت " تورکی چیایی ".

ئەم ناونانە نموونەی ئەو کات و سەردەمە بوو، بۆیە من ریزی خۆم دەگرم و ناوی ئەو کەسە نابەم کە ئەم ناوەی دانا.

ئەو کاتە لە سالی ١٩٧١، سەرکوتکردنەوە و داپلۆسین هەموو شتیکی گرتبۆوە، بەرادەیەك زمانی کوردی لە ژیانی تایبەتیشدا قەدەغە بوو! بە شیوەیەکی رەسمی وا دانرا ئەو زمانە هەر بوونی نیە. دەسەلاتدارەکان نکولیان لەوە دەکرد کە ئەمە شیوەیەکە لە داپلۆسین _ مرۆڤ ناتوانی شتیك داپلۆسی کە بوونی نەبی، وانیە! دیارە ئەم لیکدانەوەیەش لە لای وولاتانی رۆژاوا بە ئاسانی پەسەند کرابوو.

بەلام کوردەکان خۆیان هەرگیز ئەمەیان بەلاوە پەسەند نەبوو. رق و تورەیی ئەوان کۆن بوو، هەر لەو کاتەی ئەم کۆمارە دامەزراوە، ئەوان پشتیان تیکراوە. بەرەنگاری کردنەوەیان هەر لە زیاد بووندا بووە، بەلام کە سوپای دەسەلاتدار لە سالی ١٩٨٤ دیموکراتیەتیکی ئەوتۆی دامەزراند، کە تا لە توانادا بوو لیی قرتاندرا بوو، کورت کرابۆوە، هەندی لە کوردەکان هەولیاندا کەوا ئەم دەرفەتە بچووکانە بگرن و دەست بدەنە کاری سیاسی، بەلکو لەم ریگایەوە و بە شیوەیەکی ئاشتیانە بتوانن بگەنە گورانیکی بارودۆخەکە. بۆیە هەلسان بە دامەزراندنی پارتی سیاسی ئەوتۆ، کە بارو دۆخی کارکردنیان زۆر تەسك و نالەبار بوو _ بەراوردیکە لەگەل ناوەرۆکی داوا

---

[٤] لە کاتی نووسینی ووتارەکەدا.

دادگاییەکەی لەوەپیش باسمان کرد، کە ئاماژە بۆ یاسای لەمەر پارتە سیاسیەکان دەکات. بەلام هەندی لە کوردەکان ئارامیان لەبەر هەلسا، وەکو زیتر لەو بیست جارەی پیشو لە میژووی کۆماردا، دەستیان دایە چەك و کەوتنە تەقە لە پیناو سەربەخۆیی. ئەمەش بە دامەزراندنی *PKK* دەستی پیکرد، کە لە بنەرەتدا ریکخراویکی (ماو) ی بچووك بوو، گەشەکردنەکەی بە تایبەتی دەگەریتەوە بۆ ئەو قایمکاری و توند و تیژیەی لە لایەن دەسەلاتدارانی تورکەوە لە دژیاندا کرا، کە وورده وورده وای لیهات بوو بە شەریکی ناوخۆی راستەقینە لە خواروی رۆژهەلاتی تورکیا ( کوردستان ).

لە سالی ١٩٨٤ وە زیتر لە ٢١٠٠٠ کەس لەم شەرەدا گیانی لە دەست داوە، بەلای کەم دوو ملیۆن کەس لە مالوحالی خۆیان دەربەدەر کراون. لە سالی ١٩٩٤ ژمارەی ئەو گوندانەی ویران کرابوون گەیشتبووە ٢٢٢٤ گوند. لە نیوان ٣٠٠ هەزار سەرباز (ئەم ژمارەیە بە قسەی لایەنی رەسمیە) تا ٦٠٠ هەزار سەرباز (بە قسەی کوردەکان) بەردەوام جیگیر کراون لەو ١٢ ناوچانەی خواروی رۆژهەلاتی تورکیا، کە ئەوا بۆ ماوەی چەندین سال دەچی لە ژیر باری نائاسایدان.

هیچ گومان لەوەدا نیە کەوا ئەو شیوازانەی *PKK* لەشەردا بەکاری هیناون، بە هەمان رادەی درندایەتی ئەوانەی سوپای تورکیان و لە هەمان پلەی رەقەکاریدان. ئەم شتە لە بیروبۆچونە سەرەتاکانی *PKK* دا هەبوو، کە کاری تیرۆر لە ناو شارەکاندا ریگایەکی شەرعی شەرکردنە، بەرامبەر تیرۆری دەولەت.

هەردوو بەشیش سەلمیندراون و مەحکوم کراون لە لایەن هەمان ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کە رەخنەیان لە رەفتاری سوپا و پۆلیسی ئاسایش گرتوە و مەحکومیان کردوون.

ئاشکرایە کە ئیمە بە جەختەوە ئەم لایەنەی کاری *PKK* مەحکوم دەکەین. ئەمە لە لایەك زۆر بی رەوشتیە _ چونکە جەنگاوەرانی ریگای ئازادی هەمان ئەرکیان لە سەر شانە بەرامبەر ئەو مافانەی مرۆڤ کە خۆیان داوا لە دوژمنەکانیان دەکەن کە

بیانپاریزن _ له لایەکی تریشەوە ئەنجامی پیچەوانەی هەیە، چونکـە پـەلپ و بەهانـەی پربەدل دەداتە  دەسـت دەسـەلاتداران تـاوەکو بـەردەوام بـن لـە شـەر و داپلۆسـیندا. خـۆ دەبی بۆیان هەبی له دژی تیرۆریزم شەر بکەن، وانیه !!؟

بەلام له هەمان کاتیشدا شەری *PKK* نیشانەی توندی بارو دۆخەکەیە، له ئەنجامی ئەوەی دەولەت خۆی مافە بنچینەیەکانی کەمایەتیەك پیشیل دەکات.

*PKK* له سالی١٩٨٤وەك ریبازیکی بچووك  سـەری هـەلدا. بـەلام لەوسـاوە _ بـە پیـی قسەی حکومەت _ ١٢٠٠٠ ئەندامی *PKK* کوژراون و ١٨٠٠٠ گیراون، تـا ئیسـتا ٨٠٠٠ یشـیان لی ماوە کە لە شـەری چەکداردا بـەردەوامن. (ئـەم ژمارانـە "ئـەرتویرك" کـە سـەرداری ناوچەیە، له رۆژی ١٩٩٥/٦/٩ بە وەفدیکی نەمساوی راگەیاندبوو.)

له لایەن دەسـەلاتدارانی تورکیـاوە زوو زوو مـرۆڤ گویـی لی دەبـی، کـە تاکـە هـۆی خۆراگرتنی *PKK* ئەوەیە،  کـە *PKK* (تیرۆریسـتەکان) توانـای کشانەوەیان هەیـە بـۆ نـاو عیراق. بەلام لەو دوو سالەی دوایدا سوپای تورکیا زۆر جاری بە هـیزیکی زۆر گـەورەوە شالاوی بردۆتە سەر ناوچەکانی سنوور، کەچی ئەمانە گشتی هیچیان له رەوتی شەرەکە نەگۆریوە.

وا پیدەچی ئەم شەرە هەتا هەتایە هەر بەردەوام دەبی.

# رەخنە بە چرپە

کیشەی کورد وا جاریکی تریش هاتۆتەوە گۆری، ئەم جارەیان بـە راسـتی خراوەتـە بەر باس و لیدوان. بـە هـەمان شـیوە کیشـەی دیموکراتیـش لـە تورکیـا، بـە شـیوەیەکی جیاواز لە جاران کەوتۆتە بەرچاوان.

بۆیـە ئیمـە _ وەکو باسـم کـرد _ لـەم سالانەی دواییـدا دەبینـین وولاتـانی رۆژاوا رەخنەیەکی توند ئاراستەی دەسەلاتدارانی تـورك و یاسـا دادگاییـەکانی تورکیـا دەکـەن. بەلام لە هەمان کاتدا ئـەو رەخنەیـە هیشـتا بـە جۆرە پاریزیکـە، بـە تایبـەتی لـە سـەر ئاستی دیپلۆماسی و حکومەتدا.

هەندی دەولەتی تر هەن هەمان دەستدریژی رەقـەکاری وەك ئـەوەی تورکیایـان لی روو دەدات، کەچی رەخنەی زۆر توند و تیژتریان لی دەگیری..

سەرەرای هەندی جوانکاریکردن، دەسەلات لە تورکیـا توانیویـەتی رادەی داپلۆسـین و سەرکوتکردنەوە، یاسا دژەدیموکراتیەکان زیدە بکات.

شەری ناوخۆ بەردەوامە، لەم دواییەدا لە ٢٦ ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبـەری سـالی ١٩٩٦ حکومـەت پیشـنیاری کـرد کـەوا سانسـۆر و پشـکنین لـە بـواری رۆژنامەگـەریدا زیدەبکریت. هەروەها لە راپۆرتیکی کۆمیتەی ئەوروپا بۆ بەربەستکردنی ئەشکەنجەدان لـە ١٩٩٦/١٢/٦ دا هـاتووە، کـەوا بـەدرەفتاری و ئەشـکەنجەدان لـە بەندیخانـەکاندا بەردەوامە. ئەوە ماوەی چەندەها سالە هەلویستی وولاتانی رۆژاوا _ لەوانەش دانمارك _ بەرامبەر پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیادا روون نیە.

تورکیا لە سالی ١٩٥٢ بۆتە ئەندامی *NATO*، کە بە پیی ئامانجەکانی خۆی، ئەرکی ئەوە بووە و ئەوەیە بەرگری لە دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ بکات. بەلام *NATO* و وولاتانی ئەندامی *NATO* سست و سارد راوەستان بەرامبەر ئەو پیشیلکردنانەی لەم وولاتە تازە ئەندامەوە روویاندا، بە تایبەت لەو کاتەی رژیمی ئینقیلابچی عەسکەرەکان لە سالی ١٩٦٠ دەسەلاتیان گرتە دەست و ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدارە بەرزەکانیان لە سیدارەدا. یەکیك لەوانە (مەندەریز)ی سەرۆك وەزیران بوو، لەو کاتەی تورکیا چوە نیو *NATO* وە. بە هەمان شیوە *NATO* هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو کە سوپا لە سالی ١٩٨٠ دەسەلاتی گرتە دەست.

( بەلام *EU* فەرزیکی زۆر زۆری راگرت کە فەول بوو بدریتە تورکیا).

لە دوای کۆدیتا سەربازیەکەی سالی١٩٨٠ وەزیری دەرەوەی دانمارکی ئەوسا (کییلد ئولەسن)لە وەلامی پرسیاریکی مندا[٥]، وتی بەداخەوە کە کۆدیتاکە رویدا، بەلام لە هەمان کاتدا وای دەربری کە باوەری زۆرە بەو بەلینەی ژەنەرالەکان داویانە سەبارەت بە دووبارە گەراندنەوەی دیموکراتی. لە راستیشدا ئەوان ئەم بەلینەیان لە سالی ١٩٨٣_ ١٩٨٤ بە شیوەیەکی زۆر تایبەتی هینایەجی، ئەمەش کاری کردە سەر ئەوەی کە دانمارك و هەندی لە وولاتانی تر واز لە شکاتەکەیان بینن، کە خۆیان بۆ ئامادەکردبوو لە سالی ١٩٨٢ بیکەن.

ئەم هەلویستە دۆستانەیە بە دریژایی سالانیهەشتاکان بەردەوام بوو.

بۆ ئەم مەبەستەش نموونەیەکی سالی ١٩٩٠ دینمەوە، لەو کاتەی وەزیری دەرەوە[٦] (ئیلەمەن یەنسن) لەبەر دەم لیژنەی کاروباری دەرەوە[٧] وەلامی چەند پرسیاریکی دەدایەوە.

---

[٥]دیارە ئەم پرسیارە لە ناو پەرلەمان کراوە.

[٦]وەزیری دەرەوەی دانمارك.

[٧]لە پەرلەمانی دانمارك.

پرسیاری یەکەم لەمەر هەلگرتنی ئیمونیتیتی[8] حەوت ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بوو کە خرابوونە ژێر داوا و شکاتەوە، بە تۆمەتی ئەوەی کاری ئەتۆیان کـردووە کە لە دژی دەولەتە. وەلامەکەی وەزیری دەرەوە بە هیچ شێوەیەك مـەحکوم کردنیـك یـاخود بـە لای کـەم رەخنەیـەکی تێـدا نـەبوو بەرامبـەر دەسـەلاتدارانی تـورك. بـەلکو بـە پێچەوانەوە من ئەم شتە بەنرخەی خوارەوەم لێ هەلێنجاوە:

"وا پێدەچێت یەکی لە مەسەلەکان پەیوەندی بەو قەدەغەیەوە هەیـە کـە لـە نێـو یاسای سزادانی تورکیادا هەیە، سەبارەت بە هەر قسـەو راگـەیاندنێك کـە دەبێتـە هـۆی نەمانی هەستی نیشتمانی یـاخود کزبوونـی ئـەو هەسـتە، قەدەغەیـەك کـە بـە تایبـەت مەبەسـتی لـەو قسـەو راگەیاندنانەیـە کـە لەبـەرژەوەندی مەسـەلەی کـورد دەکەونـەوە" (وەکو دەبینێت لە داواکەی دژ بە "پارتی دیموکراتی و نوێکردنـەوە، DDP" کـە مـن لـە پێشتردا باسم لێوەکرد، مەسەلەکە هیچ پەیوەندی بە هەستی نیشتمانیەوە نیـە، بـەلکو لەبارەی مافی یەکسانی کوردەکانەوەیە!).

لە پرسیاری دووەم، داوا لـە وەزیـری دەرەوە کـرا، روونکردنـەوەی خـۆی بخاتـەروو لەمەر "راگوێزانی بەزۆری کوردەکان لە گوندەکانی تورکیا". جـەنابی وەزیـر نەیویسـت ئـەو وشـە ناشـیرینە "راگوێزانـی بـە زۆر" بەسـەر زاریـدا بێت، بـەلام ئـەوەی دووپـات کـردەوە، کـەوا "حکومـەتی تورکیـا کۆمـەلی گونـدی گواسـتۆتەوە.... تـاوەکو رێگـای پەرینـەوەی سنوورەکان لـە بـەردەم پێشمەرگەکان بـبڕێت" یـاخود "لـە سـەر بڕیـاری گوندنشینەکان خۆیان" ئینجا باسـی ئـەوەی کـرد کـەوا ئـەم قسانەی لـە دەسـەلاتدارانی تورکەوە پێگەیشتوە. وێدەچوو مەبەست لێرەدا ئەوە بێت، نـەبادا دۆسـتە تورکـەکانمان نارەحەت بن و بخرێنە هەلوێستیکی ناخۆش.

ئەمە ئەو کات، کەچی لەم دواییەدا زمانیکی توندتـر بـەکاردێت. لـە زۆربـەی ئـەو وەلامانـەی وەزیـری دەرەوەی ئیسـتا دەیانخاتـە روو، ئامـاژە بـۆ راگـەیاندنی رەخنـەیی

[8] حصانە، بەرگری و پاریزگاری

ئەوتۆ دەکری کە لە لایەن ریکخراوی مافەکانی مرۆڤی تورکیا دەرچوونە، لەمانـەش بـۆ نموونـە ئـەو زانیاریانـەی لەمـەر بـارودۆخی روولـەخراپی بەندیخانــەکان لـەم سـالەی دواییدا، ئەوەش ناشاردریتەوە پیشیلکردنی ترسناك دەرهەق بە مافە بنچینەییـەکانی مرۆڤ دەکریت.

بـەلام کـە مەسـەلەکە زیـتر دەروا و دەگاتـە باسـکردنی ئەوانـەی بەرپرسـیارن لـەو پیشـیلکردنانە، کـە دەسـەلاتدارانی تورکیــان، ئــەوا شـیوەی باسـکردنەکە جیاوازیـەکی ئەوتۆی لەگەل ئەوەی پیشـوو نیـە. ئەمـەش لـە بەسـتنی ئـەو ریکەوتننامـەی یـەکییتی گومرگیە دەردەکەوی کە لە نیوانی تورکیا و*EU* لە سالی ١٩٩٥ مۆرکرا، ئیمە هەرجارەی بمانویسـتبایە نـارەزایی لەســەر دەربریــن، روبــەروی بەربەســتیکیان دەکردینــەوە. هەرچـەندە مـن لـە راسـتیدا بـاوەر ناکـەم، بــەلام نـازانم ئـەو زەحمەتیـەی لەبـەردەم وەرگرتنی تورکیایە لە ریزەکانی *EU* هەر هەنجەت و بەهانەیە یاخود چیە؟.

ئـەلمانیا یەکیکـە لـە سـەرچاوە چەکفرۆشـیە هـەرە گرنگـەکانی تورکیـا، هــەروەها سـەرەرای هـەندیش بـەوە ناسـراوە کـە لـە نزیکـەوە لەگــەل پۆلیسـی ئاسایشـی تورکیـا هاوکاری دەکات.

لە (بۆن) و (پاریس) و (لەندەن )( ئەوە ئەگەر باسی واشنتۆن هەر نەکەین ) زیتر خەریکی هاوپەیمانیەتی ستراتیژین لەگەل تورکیا لەوەی خـەریکی مەسـەلەی مافـەکانی مرۆڤ بن، بۆیە دەبینین نارەریی دەربرین لەو دەزگا سیاسیانەوە دیت کـە حکومـەتیان لەدەسـت نیـە، لەوانـەش پەرلـەمانتارەکانی ئەنجومــەنی ئــەوروپا، بــە تایبــەتیش پەرلەمانی *EU*.

بە داخــەوە زۆربـەی ئـەو ئەندامانـە یـەکییتی گومرگیـان لەگـەل تورکیـا پەسـەند کرد، بەلام ئەمە لە ئەنجامی قۆل بادانیکی توندەوە بوو لە لایەن حکومەتەکانەوە.

کـەچی کـاتی پەرلـەمان هاتـە سـەر ئـەوەی هەلویسـت لەمـەر دانـەوەی پارەکـان وەرگری، حکومەتەکان خۆیان کیشایەوە. ئەو سالە بە تیکرایی کـاتیکی سـەخت بـوو بۆ

ئەندامانی پەرلەمان، تا گەیشتە ئەوەی ئەمرۆ ژمارەی هەرە زۆریان بە نا دەنگیاندا. پیویستە حکومەتەکانیش هەلویستیکی کاریگەری لەم بابەتەیان هەبی.

گرنگە ئەوەمان لە بیر نەچی کە دانمارك لە کاتی خۆی ( سەرەرای ئارەزوی وەزیری دەرەوەی ئەوکات) بە تەنها لە گۆرەپانەکەدا مایەوە، بۆ ئەوەی فشار بخریتە سەر رژیمی ئەپارتاید لە خواروی ئەفریقیا، لەگەل سوید و نەرویج فشاریکی نیودەولەتی بچووکیان خستەکار.

کە بەرای من هەلویستیکی کاریگەر و پیویستە. مەبەستم ئەو نیە ئیمە خۆمان بە یەکجار وەرگیرین و روبەروو لە دژی فەرمانرەوایی تورکیا بوەستین، چونکە یەکەم شت ئەمە هیچ سوودیك ناگەیەنی، بەلکو شەپۆلی نەتەوەپەرستی تورك بە هیز دەکات، کە بۆتە هۆی بەرەو پیش چوونی ئیسلامیزم. دووەم شتیش ئەوەیە مرۆڤ پیویستە پی لەوە بنی کە تورکیا وەکو دەولەت چەند گیروگرفتیکی راستەقینەی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر لە بەر رۆشنایی میژووی تورکیاوە خۆی سەیر بکریت. بیگومان لە ئەنجامی پەیرەوکردنی ئەو سیاسەتە نابەجییە، تورکیا خۆی ئەم گیروگرفتانەی گەورەتر کردووە. بەلام لەگەل هەندیش پیویستە ئەو داواکاریانەی ئیمە دەیانخەینە روو، ئەم راستیە لەبەرچاو بگریت.

# داخوازی مافەکانی کەمایەتی

لە دانمارك شتیکی زۆر یاساییە مرۆڤ (جودایخواز) بیت.

گرینلاندیەکان و فارینگەکان[٩] و تەنانەت بۆرنهۆلمیەکانیش[١٠] و خەلکانی تریش کە دەیانەوی بەشەخاکی خۆیان لە دانمارك دابرن، بۆیان هەیە باسی ئەم داخوازیە بکەن و بیوروژینن. ئەوەی من بزانم لایەنگیرانی دابرینی (پەدانیا)[١١] لە ئیتالیا بە ناپاك و ولاتفرۆش تاوانبار ناکرین. نەتەوەپەرستە سکۆتلاندیەکانیش هەر بە هەمان شیوە.

بۆیە کە باس دیتە سەر تورکیا، بەلامەوە زەحمەتە ئەوە قبول کەم کە دەلین جودایخوازی سەرپیچیکردنی یاسایە. بەلام پیویستە ئەوەش لەبیر نەکەین کە کەمتر لە ٧٠ سال لەمەوبەر، ئەم ولاتە تا رادەیەکی زۆر ویران کرابوو، رەنجیکی زۆری بۆ درا تا توانرا وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ دابمەزریت. هەروەها من دەزانم لەدوای سنوور نەخشاندنی تازە لە هەر هەریمیك، خاك بەزاندن روودەدا.

[٩]خەلکانی دوورگەی گرینلاند، دوورگەکانی فارۆ کە بەتەواوی ولاتی سەربەخۆ نین، بەلکو وەکو هەریم سەر بە دانمارکن.

[١٠]بۆرنهۆلم، دوورگەیەکی بچووکی دانمارکیە دەکەویتە ناوەراستی دەریای نیوان سوید و ئەلمانیا و پۆلۆنیا.

[١١]پەدانیا یاخود پەدانا هەریمیکە لە باکووری ئیتالیا.

بیگومـان مـن ئــەوە بــە راسـت نــازانم لەگـەل داواکاریــەك بم یــاخود پشـتگیری داواکاریـەك بکـەم سـەبارەت بــە دامــەزراندنی دەولــەتیکی کـوردی سـەربەخۆ لەســەر حیسابی تورکیـا. دوور نیـە ئەمـە بـە شیوەیەکی ئاشـتیانە لـە مـاوەی نیـو سـەدە تـا سـەدەیەکی تـر بیتــەدی، ئەگـەر تـەواوی کـەش و هەوایەکـە بـەرەو باشـی بگۆریـت، سنوورەکان لە لایەنی پراکتیکیەوە بەهایەکی کەمتر لە جارانیـان ببیـت. بـەلام ئـەمرۆ لیرەدا مەسەلەکە ئـەوە نیـە، چونکـە ئەگـەر ئیمـە ویستمان لەگـەل تورکیـادا بکەوینـە گفتوگۆ، ئەوا یەکەم مەرج ئەوەیە کە دەبی ئیمە بە ئاشکرا رایبگەیەنین، ئیمە لەگـەل پاراستنی دەولەتی تورکیا داین لە چوارچیوەی سنوورەکانی ئیستایدا.

کەواتە دانپیانانەکە شتیکی ئەوەندە گەورە نیـە، لەبـەر ئـەوەی جوداییخـوازی پـر مانای راستەقینەی وشەکە خۆی، دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە لە نیو کوردەکانی تورکیا.

(ئیبراهیم ئاکسۆی) منی لەم لایەنەوە دلنیـا کـرد، بـە ئامـاژە بـۆ کۆمـەلیك بـیرورا وەرگرتن لە نیوان کوردەکاندا. تەنـها ژمارەیـەکی زۆر کـەم، لە سـەدا شەشـی خەلکەکـە لایـەنگیری مەسـەلەی دابـران بـوون لـە تورکیـا. هـۆی گیروگرفتەکـە تەنـها ئەوەیــە کـە دەسەلاتدارانی تورك راسـتیەکان بـە تـەواوی دەشیوینن و هـەموو خواسـت و ویسـتیکی کوردەکان لەمەر مافەکانیان وەکو کورد، بـە جوداییخوازی دەژمـیرن. مـن وا تیدەگـەم (بەلام بە ووردی ناران )، *PKK* لە دەسبەرداریەوە دەستی کردە فەرمانی جوداییخـوازی، بــەلام *PKK* ش، بیگومــان وەکــو تیگەیشــتنیك بەرامبــەر هەلویســتی راســتەقینەی کوردەکانی تورکیاوە، لە هەموو راگەیاندنـەکانی خۆیـان لـەم سالانەی دواییـدا دووپـاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە نایانەوی لە تورکیا (دەرچن)،. هەر بۆیەش من پیم وایە زاراوەی (پەرلەمانی مەنفا) لەجیی خۆی نیە، لەبەر هەمان هۆ من نەمویست بەشداری بکەم لە ریکخسـتنی کۆبوونـەوەکانی ( بـەلام بیگومـان مـن قســەم لەتــەکیاندا کـرد). پیویسـتە ئـەوەش بلیـم، منیـان دلنیـا کـرد لـەوەی کـە (پەرلـەمانی مـەنفا) رەنگدانـەوەی حـەز و ئارەزوویـەك نیـە بـۆ دامـەزراندنی دەولـەتیکی نـوی لـە سـەر حسـیبی تورکیـا، بـەلکو

خواستیکە بۆ بوونی نوینەرایەتیـەکی کوردی تایبـەت لـە چوارچیوەی شیوەحوکمیکی فیدرالیدا.

بیگومان پیویستە کوردەکان بۆیان هەبی بە شیوەیەکی یاسایی داوای تەواوی مافـە کەلتوریـەکانیان بکـەن (لەوانـەش خویـنـدن و هۆیـەکانی راگـەیاندن و بـەریوەبردنی هەریمایـەتی بـە زمـانی خۆیـان)، لـە هـەمان کاتیشـدا ئۆتۆنۆمیـان هـەبی لـە شـیوەی فـەرمانرەوایی راستەقینەی خۆیان. پیویسـتە ریگـا بدریتـە ئەوانـەی دەیانـەوی بـە شـیوەیەکی یاسایی داوای ئـەوە بکـەن کـە تورکیـا بکریـت بـە دەولـەتیکی فیـدرالی. ئـەم جۆرە داخوازیانە پیویستە بی قەید و شەرت بکەونە نیو بـواری سەربەسـتی دەربریـن. ئەگـەر تورکیـا بیـەوی بگاتـە ئاسـتی ئـەو پەیماننامـە نیودەولەتیانـەی کـە خـۆی چۆتـە ریزیانەوە، ئەوا دەبی ئـەو داخوازیانـەی قبـول بیـت، کـە بەشـی هـەرە زۆری کوردەکـان رایـان لەسـەرە. ئـەوە ئـەم شـتەیە کـە حکومەتـەکانی رۆژاوا و حکومـەتی دانمـارکیش لەگەلیاندا پیویستە بۆ تورکیای روون کەنەوە. ئینجا بیگومان کۆمەلی داخوازی تریش هەیە بە هەمان رادە گرنگن، لە بواری مامەلەی ریك و دروست لە لایەن دادگاکـان و لـە بەندیخانـەکاندا، لەوانـەش دەسـت هـەلگرتن لـە بـەکارهینانی ئەشـکەنجەدان و بەکارهینانی دەسەلات بە مەبەستی خراپ و بوونـی دەوریـەکانی مـەرگ و دابینکردنـی مـافی ریـز و حورمـەتی کەسـیتی و سەربەسـتی دەربریـن و دامـەزراندنی کۆمەلـە و ریکخراو.

# گفتوگۆ و ڕەخنە

بەم جۆرە دەگەینە گفتوگۆی رەخنەگرانە. مەسەلەی نەتەوایەتی خەریکە وورده وورده دەبیتە سەرچاوەی هەموو ئەو خراپەکاریەی لە ئارادایە، گشت ئەو پیشیلکردنانەی هەیە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا.

بۆیە (گفتوگۆیەکی رەخنەیی)کە لە ئامانجی دابیت هەر بە تەنها وا لە دەسەلاتداران بکات کەوا تۆزیك زیتر ریز لەم مافانە بگرن و تۆزیك سنگ فراوانتر بن، ئەم جۆرە گفتوگۆیە بە تەواوی لە باسی گیروگرفتە سەرەکیەکان دوور دەکەویتەوە.

ئەم جۆرە گفتوگۆیە پیویستە بەوە دەست پیبکات، کەوا (لایەنی ئیمە) دژی شەری چەکدار و تیرۆریزمی *PKK* ین. بەلام هۆی شەری چەکدار و تیرۆریزم دەگەریتەوە بۆ ئەوەی لە تورکیا کارکردنی ئاشتیانە و سیاسی لە پیناو ئەوەی کوردەکان بتوانن ئەو مافانە وەدەست بینن، کە لە پەیماننامەی ئەورووپا نووسراوە لەمەر مافەکانی کەمە نەتەوایەتیەکان، ئەم جۆرە کارکردنە بە نایاسایی دادەنری و سزای دەخریتەسەر.

بۆیە پیویستە بەر لە هەموو شتیك ئەوە دابین بکریت کەوا کاری سیاسی لە پیناو ئەم مافانە بکریت بە کاریکی یاسایی و ریگای پی بدریت. ئەگەر ئەمە جیبەجی کرا، ئەوساکە *PKK* مەگەر شیوەی کارکردنی خۆیان بگۆرن، ئەگینا بیکار دەمینینەوە.

پرنسیپی (گفتوگۆی رەخنەیی) لەگەل تورکیا لە خۆیدا هەلە نیە.

بە پێچەوانەی هەندی وولاتانی دیاریکراوی ترەوە، تورکیا _ لە چوارچێوەیەکی تەسکدا _ تا رادەیەك پلورالیستیە[12]. پەردە هەلمالین لەرووی خراپەکاری لە لایەن هۆیەکانی راگەیاندنەوە و خۆپیشاندانی مەزن لە دژی ئەم خراپەکاریانە یەکێکن لەو نیشانە زۆرانەی لەمەر ئەم مەسەلەیە.

دەمەتەقێ و دوانی زۆر گەرم و توند لە میدیاکان و لە ناو پەرلەمان دەکری _ تەنها باسی هەندیك لەو بابەتە تابۆیانە[13] ناکری _ کە زۆر بنچینەیین و پەیوەندیان بە چارەنووسی وولاتەکەوە هەیە. ئەگەر کەمیکی تر دیموکراتی هەبوایە دەمانتوانی تورکیا ناوبنیین وولاتیکی دیموکراتی راستەقینە. بەلام بای ئەوەندەی دیموکراتی تیایە کەوا بۆچوون و گۆشەنیگای جیاواز بخرینەروو. لە توانادا هەیە تەنانەت باسی مەسەلەی نەتەوایەتیش بکریت، بەلام بیگومان بەوپەری وریایی و بە مەترسیەکی زۆری کەسییتیەوە. بەلام سەرەنجام ئەوەیە کەوا گفتوگۆ بیسوود نیە. لە هەمان کاتدا سی گیروگرفت هەیە.

یەکەمیان ئەوەیە کەوا گفتوگۆ پیویست ناکا بەو شیوەیەی ئیستای، تەنها لەو دیوی دەرگا داخراوەکانەوە بکریت. چونکە لەم ئانەدا مرۆڤ ناتوانی ئەو کەمە پلورالیزمەی هەیە -کە پیشتر باسم کرد- بەکار بینیت، هیزە خاوەن بیرە دیموکراتیەکان بەهیز بکات. ئەمە یەکجار مەسەلەیەکی گرنگە کە دوایی جاریکی تر دەگەریمەوە سەری.

گیروگرفتی دووەم ئەوەیە گفتوگۆ نابی هەر بە تەنیا بیت. ئەگەر تورکیا بەتەواوی و بە ئاشکرا تینەگا، ئەم بارودۆخەی ئیستا هەیە پەسەند نیە، ئەوا بە ئاسانی گفتوگۆ دەبیتە شتیکی بی مانا.

---

[12] فرەییە، تعددی

[13] بابەتی قەدەغە و بڤە، کەس نابی و ناتوانی خۆیان لیبدا.

ئەوەی سییەمیان مەسەلەی ناوەرۆکی گفتوگۆیە و لە کاتی گفتوگۆکردندا (لایەنی ئیمە) چی دەلی. ئەگەر گفتوگۆکە هەر بەتەنها چەند وورتەوورتیکی رەخنەیی بیت، ئامانجی تەنها روونکردنەوەی ئەوە بیت بۆچی دەسەلات شەر لە دژی تیرۆریزم دەکات، ئەوا ئەم گفتوگۆیە زیانی لە سوودی زیترە. یەکیك لەو شتانەی پیویستە گفتوگۆ بیگریتە خۆ، ئەو پەیامە روون و ئاشکرایەیە کە لە بەیاننامەیەکی ٢٥ ئەندامی پەرلەمانی تورکیا ( هیچ یەکیش لەم ٢٥ ئەندامە لەوانە نەبوون کە ناویان دەنین پەرگر و توندرۆ ) لە رۆژی ١٢ی ئایار/ مای سالی ١٩٩٣ خرایەروو، سەبارەت بە بارودۆخ لە خواروی رۆژهەلاتی تورکیا.

هەندی لەو شتانەی لە بەیاننامەکەدا هاتبوو:

" ئیمە کە نوینەرانی هەلبژیردراوی ناوچەکەین، داوا لە *PKK* دەکەین واز لە توندوتیژی و شەری چەکداری بینی، هەروەها داوا لە حکومەتیش دەکەین واز لە داپلۆسینی مافە دیموکراتیەکان و داخوازیەکانی لەمەر ئازادی بینی. ئەگەر هەردوو لا بەردەوام بن لەسەر ئەوەی ئەمرۆ دەیکەن، ئەوا فرمیسك و خوینی زۆر زۆرتر لە هەردوو گەلی تورك و کورد دەرژی. داخوازی ئیمە شەر راگرتن و کۆتایی هینانی ئەم کوشتارەیە."

پیویستە ئەوەش بگوتری، کەوا *PKK* دوو جاران لەیەك لاوە تەقەی راگرتووە و داوای مفاوەزاتی[١٤] کردووە، کەچی وەلامی حکومەت، بەردەوامی پیدانی شەر و گفتوگۆ نەکردن بووە. لیرەدا شتیکی زۆر ئاسایی بوو ئەگەر وولاتانی رۆژاوا و دانمارك _ وەکو دریژە پیدانی بەیاننامە ٢٥ کەسیەکە _ داوایان لە حکومەتی تورکیا بکردبایە بۆ ئەوەی تەقە راگرتنەکە پەسەند بکات و دەستبکاتە گفتوگۆ. بەلام وولاتانی رۆژاوا بە -دانمارکیشەوە _ بیدەنگ بوون. ئەگەر بیتو ئەوان لەوپەری نهینیشدا شتیکی

[١٤]مفاوەزات ووشەیەکی عەرەبیە، لە سالانی شۆرشی کورد لە نیو خەلکی کوردستانی عیراق زۆر بەکاردەهات بە مانای گفتوگۆی نیوان کورد و حکومەت.

راستیان درکاندبیت (کە من گومان دەکەم ئەمەیان کردبی)، ئەوا هەر بیسوود بووە. چونکە مامرەتی نهینی، هیچ لایەنگیریەکی بیروبۆچونی دیموکراتی و ئاشتیانەی تیدا نیە، کە لە بەیاننامەکەی ٢٥ کەسەکەوە هاتووە.

تاوەکو (گفتوگۆ رەخنەیی)ەکە کاریگەر بیت، پیویستە داوا لە دەسەلاتی تورکیا بکات، بەو پەری راشکاویەوە تەقە راگرتن قبول بکات، دەست بکاتە مفاوەزات، ئەو بارە نائاساییە سەربازیە هەلگری لەسەر ئەو ١٢ ناوچەیەی خواروی رۆژهەلاتی تورکیایە و ریگای تەواو بکاتەوە لەبەردەم سەربەستی دەربرین و دامەزراندنی کۆمەلە و ریکخراوەکان، بەکارهینانی تەواوی زمانی کوردی لە خویندن و لە هۆیەکانی راگەیاندن، ریزی ناسنامەی تایبەتی کورد بگری و هەروەها گشت بەندیە سیاسیەکان بەربدرین.

# دانمارك پێویستە لە پێشەوە بێت

ئێستا حكومەتی دانمارك هۆی ئەو وریایی و ئاگاداریەی خۆی بەوە لێك دەداتـەوە، نەبادا توركیا خۆی لە وولاتانی رۆژاوا دوور بخاتەوە، لە ئێران و ولاتانی تری توندرۆ لە نێو جیهانی ئیسلامیدا نزیك بێتەوە. لەبەر هێندی دەبی ئێمە هوشیار بین نەوەك پاڵ بە توركیاوە بنێین. ئەمـە چەندەها جار لـە ووتـەكانی وەزیـری دەرەوەدا[15] هـاتووە، لـە هەمان كاتدا دانیش بـەوەدا دەنـی بـارودۆخی مافـەكانی مـرۆڤ لـە بـاریكی سـەختدایە، ئەمەش گیروگرفتێكی ئەوتۆیە كە ئەو دەیەوی لە رێگای گفتوگۆ چارەسەری بكات.

لە لایەكی ترەوە یەكێتی گومرگی ئەوە دەردەبری ئێمە ئارەزومـان نییـە توركیـا لەگەل وولاتانی رۆژاوا بمێنێتەوە.( ئەمەی دوایی قسەی وەزیـری دەرەوەیـە، لـە وەلامـی پرسـیاریكی منـدا لـە رۆژی ١٢/٩/١٩٩٥). ئـەم رێكخسـتن و سـازدانە لـە چـاوی خـاوەن دەسەلاتەكانی توركیا شتێكی زۆر بەردلە. ئەوان بەمە پاداشتێكیان پـی دەبەخشـری كـە پارەی تیایە (هەر بەم بۆنەیەوە، ئەو چەكانەشیان پی دەدری كە پێویستیان پییەتی).

سزاكەشـیان هـەر تەنـها چـەند ووشـەیەكی لـەرزۆكی رەخنەییـە، كـە لـەو لایـەن و كەسـانەی پـەیوەندیان بـە مەسـەلەكانەوە هەیـە بـترازی، كەسـی تـر گوێـی لێیـان نـابی. ئەگەر ئەم ووشـانە بتوانـن رەوت و رێبـازی خـاوەن دەسـەلاتەكان بگۆرن، دیـارە هێشـتا سەردەمی موعجیزەكان ماوە، بەلام زۆر بەداخەوە.

---

[15] بێگومان وەزیری دەرەوەی دانمارك.

بۆیە پێویستە گفتوگۆ تەواو بە شێوەیەکی تر بەرێوە بچێت. پێویستە گفتوگۆ زۆر کراوەتر بێت، هێلێك لەژێر ووشەی (رەخنەیی) بکێشرێت، ئەو کۆمەلانە بانگهێش بکرێن کە بیروبۆچوونی دیموکراتیان هەیە لە تورکیا. ئەمەیە من باسی دەکەم.

بەلام پێویستە لەتەك گفتوگۆدا، هەنگاوی تریش بهاویشترێ، تاوەکو دەسەلات بەدەستەکانی تورکیا هەست بکەن کە ئەم بارودۆخەی ئێستا پەسەند نیە. (ئەگەر واز لەم مەتلەبە بهێندرێ، ئەوا ئەوان وا تێدەگەن ئێمە ئەم بارودۆخەی ئێستامان لا پەسەندە و پێی رازین، کە لە راستیدا وانیە).

یەکەم شت پێویستە هەموو شێوە پشتگیریکردنێکی ئابووری بۆ تورکیا رابگیرێت. بگرە هەر لە بەلێنەکانی قەرزی شت کرین تا دەگاتە یەکێتی گومرگ. لە ماوەی ئەو سالانەی دوای مۆرکردنی یەکێتی گومرگ، ئەم یەکێتیە تورکیای دوور نەخستۆتەوە لەوەی پەیوەندیەکانی لەگەل ئێران پتەوتر بکات.

خۆ ئەگەر پەرلەمانی ئەوروپا لەرێگای نەوەستابایە، ئەوا ئەو یەکێتی گومرگە دەبوو بە یارمەتیەکی راست و رووتی ئابووری تورکیا، کە لە ئەنجامی ئەو شەرە بێکۆتاییەی دژ بە *PKK* لەو پەری پێویست دایە، بە واتایەکی تر دەبوو بە یارمەتی ئابووری شەر.

شایانی باسە کە راگرتنی هەموو شێوەیەك یارمەتی ئابووری (لێرەدا پێویستە لەگەل فشاری بازرگانی تێکەل نەکری) هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی تورکیا ئەرکەکانی خۆی لە بواری مافەکانی مرۆڤەوە بە تەواوی جێبەجی نەکردووە، هەر کاتێك تێبینی کرا کەوا پێشکەوتنێك لەم بوارەدا هەیە، ئەوا راگرتنەکە هەلدەگیرێ. بەلام پێویستە پێشکەوتنەکە هەر بۆ جوانکاری نەبی، بەلکو راستەقینە بێت. راگرتنێکی لەم بابەتە پێویستە بەو چاوەوە سەیر بکری کە لە نزیکەوە پەیوەندی بە گفتوگۆیەکی رەخنەیی رەسەنەوە هەیە.

لەلایەکی ترەوە مرۆڤ دەتوانی پشتگیری ئابووری لـە هـەندی بـواری تـردا بینیتـە بـەرچاوی خـۆی، کـە بەراسـتی لـە بـەرژەوەندی مافـەکانی مرۆڤـدا بـی. بـۆ نموونـە پشتگیریکردنی ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و سـەنتەرەکانی دووبـارە هینانـەوە سـەرپیی قوربانیەکانی ئەشکەنجە لە تورکیا.

دووەم شت پیویستە قەدەغە بخریتەسەر ناردنی چەك و تفاق بـۆ تورکیـا، تـا ئـەو کاتـەی شـەر لـە خـواروی تورکیـا بەردەوامـە. وەزیـری دەرەوە زۆر بـە باشـی رایگـەیاند، دانمارك تەنها ریگای ناردنی ئەو چەکانە دەدات کـە لـە (کیشـەی نـاوخۆ) بـەکار نایـەن. بەلام لە لایەکـەوە ئـەم جـۆرە لیککردنەوەیـە تـا رادەیـەك مەحالـە بکریـت. لـە لایـەکی تریشەوە نیشانەکە خۆی لە خۆیدا گرنگە: نابی چەك بدریتـە دەولـەتیك کـە بەراسـتی لەشەردایە و رەقەکارانە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ دەخاتە ژیر پی.

خـالی سـییەم ئەوەیـە، دەکریـت لـە جیـی خـۆی بیـت شـوینی تورکیـا لـەناو ئەنجوومەنی ئەوروپا جاریکی تر بخریتـەوە بـەر بـاس و لیـدوان. ئەگـەر سـەیری دواوە بکەین دەبینین تیکدانی مەسەلەکەی سالی ۱۹۸۷ بە چاوی ئـەمرۆ بـە تـەواوی نارەوایـە. لەگەل هەندیش پیویستە مرۆڤ وریـا بیـت لـەم جـۆرە دوورخستنەوانە. ئەنجومـەنی ئەوروپا پیشوەخت سینگ فراوانیەکی زۆری _ بەرای هەندی کـەس زۆر زۆری _ پیشـان داوە لە مەسەلەی وەرگرتنی وولاتانی تـازە بـە ئـەندام، ئەگـەر تورکیـا دوور بخریتـەوە، ئەوا دەبی ئەوانی تریش بەدوایدا برۆن.

سەرەرای ئەمەش دەرفەتی گفتوگۆی رەخنەیی بە دلیکی کراوەوە، زۆر چاکترە لەو گفتوگۆیەی لەسەر ئاستی دیپلۆماسی و حکومەتەکاندا هەیە. ئـەم دەرفەتانـە پیویسـتە بەتـەواوی بەکاربـهیندرین، پیویسـتە ئـەوە ئاشـکرا بکریـت ئەگـەر بارودۆخەکـە بـە شـیوەیەکی دیـار باشـتر نـەکری، ئـەوا تورکیـا مەترسـی ئـەوەی لیدەکـری کـە دوور بخریتەوە.

خالی چوارەمیش، پیویستە *OSCE* بەکار بهیندریت، کە دانمارك لەسالی ١٩٩٧ سەرۆکایەتی بەدەستە.

خالی دەستپیکردن لەلای من هەمان شتە لەگەل ئەوەی ئەنجوومەنی ئەوروپا. ئەگەر بەراستی توند بین، ئەوا نەدەبوایە تورکیا ببیتە ئەندام _ بەلام دەتوانری هەمان شت لەمەر وولاتانی تریش بگوتری کە ئەندامن لە *OSCE*، ژمارەیان لەوانەیە بگاتە چارەکیکی ژمارەی تەواوی ئەندامەکان.

لە کاتیکدا دوورخستنەوەی ئەوانە نە کاریکی ریالیستیە و نە هۆشمەندیشە، بۆیە پیویستە لە جیاتی ئەمە جەختکردنی بەهیزی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ بەکار بهینری، لە نیو ریککەوتننامەکانی *OSCE* دا هەیە، سەنگایيەکی سیاسی زۆر قورس و بەهیز بخریتە سەر ئەو وولاتە ئەندامانەی مافەکانی مرۆڤ پیشیل دەکەن، لەوانەش تورکیا.

هەمان شت پیویستە (وەکو ئیستا کاری پیدەکری) لە کۆبوونەوە پەرلەمانیەکانی *OSCE* بکریت، لە کۆبوونەوە و دیدارەکانی لەسەر ئاستی دیپلۆماسی حکومەتەکانیش بکریت، کە تا ئیستا شتی وا بە رادەیەکی فراوان زۆر کەم روویداوە. ریزنەگرتنی دیموکراتی و مافە نەتەوایەتیەکان لەلایەن تورکیاوە پیویستە بەردەوام بۆ باس و لیدوان لەبەردەست بی لەو کۆبوونەوانەدا. لیرەدا پیویست بە (دیپلۆماسیەتی هیمن) نیە، بەلکو پیویستە شتەکان بە زمانیکی روون و ئاشکرا بگوترین. شتەکان پیویستە بەجۆریك بووترین خاوەن دەسەلاتەکان هەست بە سەنگايیەکەی بکەن، ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتی هەست بە دنەدان و هاندان بکات. پیویستە تیبینی ئەوەش بکەین کە تورکیا داوای کردووە ببیتە ئەندام لە *EU* و داواکاریەکەی لە سالی ١٩٨٧ وە لەوی کەوتووە. *EU* پەیمانی داوە جاریکی تر لە سالی ١٩٩٦_ ١٩٩٧سەیری داواکە بکاتەوە.

ئالیرەدا دەبی بۆ تورکیا روون بکریتەوە، کەوا ئەگەر نەگاتە ئاستی پیوانەیی ئەوروپا لە بواری مافەکانی مرۆڤەوە، ئەوا لە هەموو دەرفەتیکی وەرگرتن و

ئەندامیەتی بیبەش دەکری، بـە واتایـەکی تـر پیویسـتە ریفۆرمیکـی [16] فـراوان و گرنـگ ئەنجام بدریت.

بۆ ئەم مەبەستەش هەر(با تیبگەن) بەس نیە، بەلکو پیویستە ئەمە بـە دەنگیکـی بەرز و بە روونی بگوتری، تاوەکو هیچ ماوەی هەلەی تیدا نەمینی.

جگە لەوەش دەبی ئیمە قبول نەکەین *EU* بەربەست بخاتە بەر هەنگاوی ئـەوتۆ، کـە ئیمـە بـە پیویسـتی دەزانـین. شـتیکی زۆر چاکـە ئەگـەر هـاتو هـەر ۱۵ وولات بـە هاوبەشی پالپشتی دەسپیشـکەریەکی راسـتن بکـەن، دانمـارکیش پیویسـتە لـەم ریگایـەوە لەگـەل ئـەوانی تـر کـار بکات. بـەلام دەسپیشکەریەکانی دانمـارك پیویسـت ناکـا بـەوە ببەسترینەوە، ئاخۆ کەی ئەو ۱۵ وولاتە ریکدەکەون. مـن ئـەو دەسپیشـکەریانە دینمـەوە یاد کە دانمارك بە تەنها لە ناوەراستی ۱۹۸۰ کان کردی بەرامبـەر بـە رژیمـی ئـەپارتاید. ئەمە شتیك نیە نەکری.

---

[16] ئیسلاح، چاككردنەوە.